
<u>خوێندنەوەی دوو کتێب:</u>

# نێڵسۆن ماندێلا، ئەو کوڕە شوانەی بوو بە سەرکۆمار

**نووسینی گونیلا لوندگرێن و شەشتین گیدفۆش**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: *فەرهاد شاکەلی***

**چاپی یەکەم 2009 بڵاوکراوەی ئاراس**




**زۆربەمان لەمێژە ئالوودەییمان لەگەڵ بەرهەمەکانی شاعیر و ڕووناکبیریی دیاریی نەتەوەکەمان مامۆستا فەرهاد شاکەلی دا هەیە. زنجیرەی بەرهەمەکانی شاکەلی وا بۆ 40 ساڵ زیاتر دەچێت لە پسان نایەت... ووزە و حەوسەڵەی ئەم هەموو بەشدارییەی نووسین و وەرگێڕان لە بوار و کایە جیاجیاکاندا لە کوێوە هەڵدەقوڵێن ؟ مەگەر عەشقی پیرۆزی خوێندنەوە و نووسین نییە ، وا شاکەلی کردۆتە سۆفی ڕۆشنبیریی کوردی!؟.**

**ئەم جارەش لە ڕێی بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشی ژیکەڵەوە، بە زمانێکی پاراوی تژی لە ئیستاتیکا دەبێتەوە میوانی سەرخوانی ڕۆشنبیریی کوردی. ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوە لە دووتوێی 128 لاپەڕە بە قەوارەی 21.27 سم دا و بە دەیان وێنەی جۆراوجۆر لە قۆناغەکانی ژیانی ماندێلا ، خەباتی ئای ئێن سی ، گرتن و ئازادبوونی ماندێلا و یەکەم سەرامۆنی هەڵبژاردن لە ئەفریقای باشووردا و کۆمەڵێ وێنە و مۆتیڤی جوان و سەرنجڕاکێش کە لە لایەن منداڵانی ئەفریقاوە کێشراون ڕازێنراوەتەوە. باوەڕەکەم تەنیا خودی وێنەکان بەس بن بۆ گێڕانەوەی خەباتی قارەمانانەی ئەو پیاوە مەزنەی مێژوو و ئەو گەلە سەربەرزەی کیشوەری ئەفریقا.**

**هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی بە هۆشیارییەکی مەبەستدارەوەیە و وەرگێڕ گەرەکێتی بە چمکێ لە ژیان و خەبات و ئەزموونی شێواز و مۆدێلی خەبات و دەسەڵات لای نێڵسۆن ماندێلا ئاشنامان بکات و گۆشەیەکی بەتاڵی کتێبخانەی کوردیش بەم کارە ناوازەیە پڕ بکاتەوە. شاکەلی حەز دەکات پێ بە پێ دووی هەنگاوە**

سیاسییەکانی ئەو کەڵە سەرکردەیە بکەوین و لە گەلەک بواری ژیانی سیاسیماندا ببیانکەینە سەر مەشق.... ئەم ئەزموونە لەو رۆژەوەی سەری هەڵداوە بۆ دنیای مرۆڤایەتی بۆتە جێی بایەخ و سەرنج.
ماندێلا سیمبۆلی خەباتگێرییە لە پێناوی داد و ئاشتی و بەها جوانەکانی مرۆڤایەتیدا. ماندێلا سەرکردەیەکی راستەقینەی هەڵقولاوی ناخ و دەروونی میللەتەکەیەتی. ماندێلا نموونەی هەرە جوانی خەباتگێرێکی 27 ساڵ زیندانیکراو و تاقە دەسەلاتدارێکە پاش 4 ساڵ دەسەلاتدارێتی ئەو مێژووە دورودرێژەی خەبات ئینجا بە خوایشتی خۆی دەستبەرداری کورسی دەسەلات بوو بۆ کەسانی دیکە.
ماندێلا لە نامەیەکیدا لە حەشارگەیەکەوە بۆ گەلەکەی دەنووسێ :

**من ژیانێکم هەڵبژاردووە کە لە ژیانی زیندان**
**هەم زەحمەتترە و هەم خەتەرناکتر.**
**من دەبێ دوور لە ژنە خۆشەویستەکەم و لە منالەکانمەوە و**
**دوور لە دایکم و خوشکەکانمەوە بژیم. من لە ولاتەکەی خۆمدا بێئاساییشم..**

تا دواتر دەدێتە سەرپەیامەکەیی و دەنووسێ:

**من رێگەی خۆمم هەڵبژاردووە**
**خەبات ژیانی منە.**
**من هەتا لە ژیاندام بەردەوام لە پێناوی ئازادیدا شەڕ دەکەم.**

ئەم کتێبە لەسەر شێوازی پەخشانێکی ئەدەبی سادە و رەوان نووسراوە. وەرگێڕانە کوردییەکە بەو شێوازە سەرکەوتوانەی شاکەلی بەرهەمی هێناوە، وا دەکات بە تامەزرۆییەوە ووشە بە دوای رستە و لاپەڕە بە دوای سەر باسدا تا تەواو بوون بەردەوام بیت لەسەر خوێندنەوەی.
ماندێلا لە پێناوی کێشە رەواکەیدا واز لە خۆشی ژیان دێنێ و قوربانی زۆر دەدات. مەگەر بە وێنە خێزانەکەی لەگەڵیدا بوو بێت.
**ساڵانێک بەسەرچوون . منداڵەکانی شوویان کرد و ژنیان هێنا و منداڵیان بوو. وێنەکان تا دەهات ژمارەیان زیادی دەکرد.**
جارێکیان ئاوای بۆ وێنیی خێزانی دەنووسێ:
**ئەگەر سەردانەکانی تۆ ، نامە جوانەکانی تۆ و خۆشەویستیی تۆ نەبووایەم ساڵانێک بوو من رووخابووم .**
کاتێ ساڵی 1985 سەرکۆماری ئەفریقای باشوور پێشنیازێک پێشکەش دەکات ماندێلا ئازاد دەکرێت ، گەر واز لە خەباتی چەکدار بهێنێت. ئەو لە وەڵامدا کە بە ئامادەبوونی حەشاماتێکی زۆر لە یاریگای سۆوێتۆ کچەکەی زیندزیی دەیخوێنێتەوە دەنووسێ :

**من سەرم سوورِ دەمێنێتلەوەی حوکوومەت**
**دەیەوێ ناچارم بکات بیکەم**
**من کەسێکی توندوتیژئامێز نیم.**
**ئێمە ئەو کاتە دەستمان کردە خەباتی چەکدارانە،**
**کە ئیتر ئیمکانی هیچ بەرهەڵستییەکی دیکە نەما.**
**لەوساوە کە من خراومەتە زیندانەوە خەڵکێکی زۆر کوژراون.**
**منیش ئەوەندەی ئێوە ئێوە ژیانم خۆش دەوێ**
**بەلام من نامەوێ مافە مرۆڤانەکانی خۆم بفرۆشم،**
**بۆ ئەوەی ئازاد بکرێم.**
**من ئامادە نیم مافەکانی خەڵکیش بفرۆشم.**
**ئازادیی ئێوە و ئازادیی من بەیەکەوە گرێدراون... من دەگەڕێمەوە**

بەر لەکۆتایی دەمەوێت بێمەوە سەر قسەکردن لە هۆشیاریی ئەنقەستی پاڵنەری ئەم وەرگێرانە. هێژای وەبیرهێنانەوەیە ، لەسەرەتای ساڵانی 1990 دا پاش سەرکەوتنە بێوێنەکەی ماندێلا دەوڵەتی تورکیا بەشانازییەوە ماندێلای دەستنیشان کهرد بۆ پێبەخشینی خەلاتی ئەتاتورک. ئەم خەلاتە بە کەسەهایەکی تایبەت و دوای هێنانوبردنێکی زۆر دەبەخشرێت. هێندەی ئاگاداربم هەتا هەنووکە بەچەند کەسانێک بەخشراوە ژمارەیان لە قامکی

یەک دەست تێناپەڕێت. وەختێ ماندێلا لەوەرگرتنی ئەو خەڵاتە ئاگادار کرایەوە، بێ سێ و دوو کردن رەتی کردەوە و توکیا و دنیای بەم هەڵوێستە سەرسام و ئەبڵەق کرد. کاتێ لێیان پرسی بۆ؟ بەم جۆرە وەڵام داداتەوە:

***خۆتان لە جێی کوردان دابنێن، ئەوسا تێدەگەن کە من چی دەڵێم .***

بۆ قۆناغێکی وا ناسک سەبارەت بە کەسایەتی ماندێلا و خودی بارودۆخی نێونەتەوەیی و پەیوەندی دبلۆماسی و ئابووری دۆستایەتی تورکیا بایەخ و کێشی هێجگار تایبەتی هەبوو. بەڵام ماندێلا هەڵوێستە مرۆییەکەی نەکردە قوربانی بەرژەوندیی خۆیی و وڵاتەکەی.. ئەمەش تۆماری گەورەترین مەردایەتییە لە مێژووی هاوچەرخدا. بەدووری نابینم گەلێ لەسەرکردەی حیزبە کوردییەکان گەر کاندید بکرێن بۆ خەڵاتی ئەتورک بە هەڵەداوان بۆی بچن .


مامۆستا شاکەلی خۆشەویستی بۆ ئەم سۆفییەی خەبات و دەسەڵات و ئەمەکێک بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرێ وەک وەڵامێکی بچووک بە ماندێلا کاری ئەم وەرگێڕانەی بە ئەنجام گەیاند.

جگە لەدەستخۆشی و هیوای تەنسازی و سەرکەوتن لە شاکەلی و هەموو هاوشێوەکانی لەمەڕ خزمەتی زیاتری فەرهەنگەکەمان، چ پاداشتێکی دیکە پەی پێنابەم...

## بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم

**فەرهاد شـــــــــــاکەلی**

چاپی یەکەم2009 بڵاوکراوەی ئاراس




ئەم کتێبە کۆبەرهەمی 4 دیوانە شیعری کاک فەرهاد شاکەلی شاعیر و روناکبیرە و لە دوو توێ 399 لاپەڕەدا و بە شێوازێکی قەشەنگ و رازاوەی جوان ئامادەکراوە و دەستگای ئاراس وەک بەرهەمی ژمارە 934 ی ساڵی 2009 ی خۆی بڵاوی کردۆتەوە.

شاعیر لەژێر سەردێڕی( ئەم دیوانە) دا کورتە پێشەکییەکی نووسیوە باس لەوە دەکات لە ساڵی 1970 بەداوە هە تا هەنووکە لە شوێنی جیاجیا بەغدا، بەیرووت و کوردستان و سوێد 8 کۆمەڵە شیعری بڵاو کردۆتەوە. ئارەزووی شاکەلی ئەوە بووە هەر 8 دیوانە شیعرییەکە لەبەرگێکدا کۆکاتەوە و بەسەریەکەوە لە چاپییان بدات . وەک خۆی دەڵێ لەبەر چەند هۆیەکی هونەری و ئێستێتیکی بڵاوکردنەوەی 4 بەرهەمیانی هەڵبژاردووە.

ژمارەی شیعرەکانی ئەم دیوانە 160 شیعرن و بەشێکی باشیان بۆ 12 زمانی ئەوروپایی و رۆژهەڵاتی وەرگێڕدراون وهەندێ تەرجەمەی دیکەشیان بەرێوەیە. شاعیر دەستکاریی ناوەڕۆک و زمانی ئەم شیعرانەی نەکردووە و وەک خۆیان لەچاپی داونەتەوە.

بەرهەمەکانی لەم دیوانەدا جێگەیان بۆتەوە بریتین لە :

1 - ژێ

2 ـ نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم

3 ـ هەموو رازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ راز

4 ـ ئەم چرایە دڵم رووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ

کۆکردنەوەی کاری پەرشوبڵاو و ئاسانکردنی دەست پێداراگەشتنی بۆ خوێنەر ، بەکارێک ئەرێتی دادەنرێت. کاشکی شاعیرەکانی دیکەشمان هەمان رێچکە بگرنەبەر و خوێنەر ناچاری گەڕان نەکەن. بارودۆخی کوردستانیش هەمیشە نائارامی تێدا بووە . رەنگە بەشێکی باشی ئەو بەرهەمە بڵاوکراوانەی کۆن لە ترس و کۆچبەریدا فەوتابن وسووتێندرابن.

خوێندنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی کاک شاکەلی وەک گەشتێک بە نێو کۆگای ووشەی ئاوازدار و بابەتی فەلسەفی لەسەر مرۆڤ و ژینگەیەکی تەسەوفی و عەشق بۆ مرۆڤ و سروشت بکەیت وایە.

لەم بەرهەمەدا ووتارێکی دوورودرێژ 39 لاپەڕەیی بە ناونیشانی :

**تاریکخانەی زستانی رۆح بە پشکۆیەک دادەگیرسێت**

گەشتێک بەناو بیر و شیعری فەرهاد شاکەلیدا لەلایەن د. محەمەد کەمال

زانکۆی ماڵبۆرن، ئوستراليا وە نووسراوە وەک هەڵسەنگاندنێک لەدوای کورتە پێشەکیەکەی شاکەلییەوە بڵاوکراوەتەوە. د. کەمال خوێندنەوەیەکی قووڵ و بابەتییانەی شیعرەکانی شاکەلی و پاشخانە هزری و مەعریفییەکانی کردووە.

خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەش وەکو کارەکانی دیکەی مامۆستا شاکەلی چێژ و ئەزموونی خۆی هەیە .

لەسەر بەرگی پشتەوەی ئەم دیوانە بە خەتی شاکەلی ئەم کۆپلە شیعرە بڵاوکراوەتەوە:

***سووتان***

**پشکۆیەکت خستە ناو دڵمەوە و**
**لە تاریکەشەوی ئەم شارەدا بەجێت هێشتم.**
**ئەگەر رۆژێ گەیشتمە ئاستانەی دیدارت**
**پرسیاری تاریکایی و رووناکاییم لێ مەکە**
**من تەنیا هەر باسی سووتان دەزانم.**

**وێڕای سەرلەنوێ دەستخۆشی لە کاک فەرهاد بۆ ئەم بەرهەمە جوانە، هیوای نەوەستان و خزمەتی فرەتری بۆ دەخوازم. دڵنیام کتێبخانەی کوردی بەم دوو بەرهەمە نازدارە جوانتر دەرازێتەوە.**

**هەڵۆ بەرزنجەیی** 18.5.2010 **بەرلین**